بومەلەرزەیەکی بەهێز نیپاڵی هەژاند؛ زیاتر لە سەد کەس گیانیان لەدەستدا

بومەلەرزەیەکی بەهێز ناوچەی ڕۆژئاوای جاجارکۆتی لە نیپاڵ هەژاند و بەهۆی ڕوخانی خانوەکانی ناوچەکە و بیناکانی تا نیودەلهی لە دراوسێی وڵاتەکە لانیکەم 128 کەس گیانیان لەدەستدا و دەیان کەسیش بریندار بون. ناوەندی نیشتمانی بومەلەرزەزانی نیپاڵ ڕایگەیاند، ڕۆژی هەینی بومەلەرزەیەك کە سەنتەری توژینەوەی ئەمانی بە زانستە جیەلەجیەکان بە 6.4 پلە و دامەزراوەی جیەلەجی ئەمریکا بە 5.6ی مەزەندەی کردوە، لە نیپاڵ ڕویداوە، بەهەیەوە لانیکەم 128 کەس گیانیان لەدەستدا و دەیان کەسیش بریندار بون، پێشبینی دەکرێت ژمارەی قوربانیان بەرزببێتەوە.

بەرپرسان ترسیان لێوە هەیە کە ژمارەی کوژراوانی بومەلەرزەکە بەرزببێتەوە، چونکە نیانتوانیوە پێیوەندی لە ناوچەی گردەواری نزیک ناوەندی بومەلەرزەکە دروست بکەن، کە نزیکەی 300 میل لە ڕۆژئاوای کاتماندەی پایتەختەوە دورە، کە هەست بە بومەلەرزەکانیش کراوە.